

# دوو هۆنراوە

• ئەبوبەکر خۆشناو •

١ ـ توانەوە !
ئەودەمەی خۆت ،
لەباوەشی دڕکەزیمدا کرمۆڵە کرد
منیش دەمم دەنێمە زامەکانتەو ،
دەتخۆمەوە
وەکوو منداڵێکی ساوا ،
ژێرنابیمەوەو بۆنامێژی ئەشقم دەگری
ئەشقی منیش یاخی بوونە !
ئەگەر لێشم یاخی دەبی ؟
من چیامە !

★ ★ ★

٢ ـ مرۆڤ !
ئەگەر چۆلەکە بوومایە
دەبوو لەسەر درەختێکدا ،
هێلانەکی کچکەم هەبێ
ئەگەر مێرووڵەش بوومایە
دەکرا لەدرزی زەویدا ،
چەندان شاری گەورەم هەبێ
بەڵام چونکە من مرۆڤم
شوێنێك نییە لەسەر زەوی
بمپارێزی لە گریەو ،
بمگرێتە خۆی !

★ ★ ★